# جەماوەری كورد : لەدوا ڕۆژیش دا مێژوو شاهید ئەبێ
# كە هەرگیز براو پشتگیرێكی دڵسۆزی تری نەبووە وەك گەلی عەرەب

سەرۆكی فەرماندە
أحمد حسن البكر





ئێمە ئەزانین كە ڕەنجدەرانی كوردستان بەشێكن لەگەڵی عیراقمان هەموو [illegible] لە كوردستاندا پێویستییان بە ئاسودەیی هەیە ... لەمەوبەرو ئێستاش پێویستییان بە بنیات نانو خۆشەویستیو [illegible] هەیە .

هەڤاڵ صدام حسین

بەیاننامەی ١١ی مارت ، چوار چێوەیەكی ساغی چارەسەری ئاشتییانەو دیموكراتییانەی مەسەلەی كوردە لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی كوردمان لە كۆماری عیراقدا .

پەیمانی كاری نیشتمانی

# یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان ئەنجامێكی ئاسایی هەڵوێستی مرۆڤایەتی سەركردایەتی سیاسی شۆڕشە دەربارەی كێشەی نەتەوەوكەمایەتیەكان

لە یانزەی مارتی ١٩٧٤ ، یاسای ژمارە (٣٣) دەرچوو كە بەكردەوە چوارچێوەی ئۆتونومی گەلی كوردمانی دانا ، پێش پەسندكردنو دەرچوونی ، ئەم یاسایە بەرنامەیەك بوو سەركردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب گەڵاڵەی كردبوو ، وەخستیە بەرچاوی لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشكەوتنخواز . بەرنامەكەش لەلایەن جەماوەری فراوانەوە بایەخی پێدرا . لێی كۆڵرایەوە ، بەتایبەتی لە كۆبونەوەی فراواندا كە كەسانی نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی پێشكەوتنخوازی تیادا بەشدار بوون ، بە هۆی ئەولێكۆڵینەوەو شیكردنەوە زانستییانەی قۆناغەكەی چارەسەركردنی ئاشتیو دیموكراتییانەی كێشەی كورد ، یاسای ناوبراو لە كاتی بڕیار لەسەر دراودا هەروەكو سەركردایەتی حزبو شۆڕش بەڵێنیان دابوو ، بڵاوكرایەوە .

ئەگەر ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان هەڵبسەنگێنین لە ماوەی ڕوداوەكانی ڕابوردوودا ئەوا ئەبێ لەبواری ناوخۆو عەرەبو جیهانیدا دەست بخەینە سەر ئەم خاڵەگرنگانەی خوارەوە :-

یەكەم : هێزەكانی ڕزگاریخوازو پێشكەوتنخوازی جیهانو نیشتمانی عەرەب بەگەرمییەوە پێشوازی دەرچوونی ئەم یاسایەیان كردو بەدەسكەوتێكی گەورەو ڕیشەییان دانا بۆ بەرژەوەندی تێكڕای گەلی عیراق بەگشتیو بۆ بەرژەوەندی گەلی كوردمان بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەمەشدا هێزەكانی ئیمپریالیزمو كۆنەپەرستی بە ئاشكراو نائاشكرا دژی ئەم یاسایە وەستانو پشتگیری دەستەی بەكرێ گیراویان كرد بۆ دەرچوون لە ڕیزی نیشتمانیی گەلەكەمان لە عیراقدا . ئەم ڕاستییەش - بێگومان لێكردن - ساغی ئەكاتەوە كە یاسای ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بەرژەوەندی گەلەكەماندا گونجاوە لە عیراقداو بە پێچەوانەی چلیسیو نەخشەكانی ئیمپریالیزم نۆكەرانیەتی . ئەو پێودانگەی بەهەلە ناچێ لە هەڵسەنگاندنی هەموو ڕدوداوێكدا ئەمەیە :-

« هەڵویستی ئیمپریالیستو نۆكەرانیان چییە دەربارەی ئەم ڕوودا‌وە » .

دووەم :-

كەرتەكانی گەلو هێزە پێشكەوتنخوازەكانی لە عیراقو بزوتنەوەی نیشتمانی لە ولاتانی ناوچە پشتگیری یاسای ئۆتونۆمیو ئەو هەنگاوانەیان كرد كە شۆڕش بۆ جێگیركردنی هاویشتنی .. بەڵام كۆنەپەرستانی ناوچەكە دژی ئەم یاسایە وەستان ..كەرتەكانی گەلی كوردمانو دەستە خێرخوازەكانی لە دەوری ئەم یاسایە كۆبونەوەو پشتگیری هەنگاوەكانی شۆڕشیان كرد . لەلایەكەی تریشەوە ، كۆنەپەرستانی ناوچەكە یارمەتی تاقمی بەكرێ گیراویاندا .

لەگەڵ جێگیربوونی ئاشتیو دەسەڵاتی یاساو ڕژێم خواستی خێرخوازی گەلی كوردمان بەكردەوە دەركەوت .. سەركردایەتییەكانی جەماوەری ڕێكخراوە گەلییەكانی كوردستان هاتنەكایەوە وەكو ئافرەتانو لاوو قوتابیو مامۆستایانو هینی تر .. ئەمانەش دەوری سەرپەرشتیو ڕابەری كردن ئەگێڕن لە كۆكردنەوەی جەماوەری كورد لەپشت یاسای ئۆتۆنۆمییەوە .

بێگومان هەروەكو یاسای ئۆتۆنۆمی بەرووبوومی خەباتی هێزە نیشتمانییەكانی گەلەكەمان بووە . ئەوا دەسكەوتێكی گەورەی شۆڕشی حەفدەی تەمووزیشە . لەلایەكەی تریشەوە ئەم دەسكەوتە ئەنجامێكی ئاسایی هەڵویستی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبە دەربارەی كێشەی نەتەوەو كەمایەتییەكان لەوڵاتدا بەگشتیو دەربارەی كێشەی كورد بە تایبەتی .

هەروەها ئەگونجێ بڵێین ، بەبێ پەلەكردن ، هەڵویستی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەربارەی كێشەی ئەو نەتەوەو كەمایەتیانەی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا ئەژین ، هەمیشە هەڵویستێك بووە كە باری سەرنجی مرۆڤایەتیو هاوچەرخی هەبووەو بەند بووە بە تێگەیشتنی تەواوەتی بەرژەوەندی ڕەوای ئەو نەتەوەو كەمایەتییانەو ڕێز لێنانیانو هەوڵدان بۆ ئەوەی دەورو پایەی خۆیان وەربگرن لە بزوتنەوەی گۆڕینی كۆمەلایەتی پێشكەوتوودا .







چەند وێنەیەكی یادگار ،لە ئارشیفی « هاوكاری »دا ، كە لەئاهەنگی كردنەوەی یەكەمدەورەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی كوردستاندا گیراوە ،لەوێنەی یەكەمدا ، نوێنەری سەرۆكی فەرماندە بەرێز احمدحسن البكر ، مامۆستا طە محیی الدینو بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش ئەبینرێن ، وێنەی دووەم لایەكی تر لە كۆبونەوەكەو . وێنەی سێیەم برایەك لەئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی كوردستان لەكاتی سوێندی دەستوریدا .



Institut Kurde de Paris

